
بێدەنگی پڕ و هاواری دڵی

شێخ فازڵ



نوسین و دیزاین
خالد جاف



ناوی نامیلکەی کتێب :

بێدەنگیی پڕ و هاواری دڵی شێخ فازڵ

چاپی : یەکەم / ٢٠٢٦ هەولێر

ئامادەکردن و نووسین و دیزاینی ناوەڕۆک : خالد عەلی مورادجاف

ئەرشیف و پێداچوونەوە و سپۆنسەری : مامۆستا شێخ ئەحمەد شێخ حەسەن شێخ ئەمین

پێداچوونەوەی زمان و لایەنی هونەری : مامۆستا تاریق کارێزی و د. هێمن خورشید

لێژنەی ئامادەکار: ئەندامانی ڕێکخراوی "ڕەنجووری" بۆ فەرهەنگ و زانست.

دیزاینی بەرگ: ئومێد نەجم

بڵاوکراوەی : چاپخانەی هیڤی، لای پارێزگا، تەنیشت مزگەوتی مەحموود عەلاف/هەولێر.

تیراژ : ١٠٠٠ دانە.

لەبەڕێوەبەرایەتی گشتی / کتێبخانە گشتییەکان

ژمارەی سپاردنی (١٠٥٥) ی سالی ٢٠٢٦ی زایین / وەزارەتی ڕۆشنبیری


نووسین و دیزاین و ئامادەکردن
خالد عەلی مورادجاف



سەرنج و ڕوونکردنەوەیەک لەسەر ئەم یاداشت و بیرەوەرییە...



ژیانی شێخ فازڵی کەری، بەهەموو ناسۆری و جیاوازییەکانییەوە، نموونەیەکی بەرچاوە بۆ ئەو کەسایەتییە ڕۆحیانەی کەلە فۆرمە باوەکانی کۆمەڵگە هەڵدێن و پەنا بۆ جیهانێکی ناوەکیی قوول دەبەن.! بۆیە نووسین لەسەر ژیاننامەی لەچوارچێوەیەکی ئەکادیمیدا ئاسان نیە، لەبەر ئەوە هەوڵمان داوە لەڕێگەی وردەکارییە پەرتبووەکانی ناو بازاڕ و خزم و کەس و کارەوە، تابلۆیەکی ڕاستگۆیانە و زانستی لەکەسایەتی و قوڵیی (شێخ) پێشکەش بەخوێنەری ئەزیز بکەین، تێکەڵکردنی میتۆدی میژوویی بەیادەوەری ڕەگ و ڕیشەی، لەڕوانگەی بەڵگاندنی میژوویی و نەبوونی دەق و دۆکیۆمێنت، ناکرێت کەسایەتیەکە پشتگوێ بخرێت، زیاتر لەوەی پەنا بەرین بۆ گێڕانەوەی یادەوەرییەکان بەشێوازی جۆراوجۆر، هەوڵماندا گێڕانەوەی زارەکییەکان لەهاوڕێ و کەسە نزیکەکانییەوە بەجوانی شەن و کەو بکرێن، لەئەنجامدا گرنگیشتینە بەراوردێکی دروست، کە تاچەند قسەکان لەیەک دەچن و هەڵگری ڕەهەندە سایکۆلۆژی و کۆمەڵایەتییەکانن بۆ ئەو سەردەمە، بۆ ئەوەی دواڕۆژ لەنێو چین و توێژی خوێنەران، بابەتەکە نەبێتە جێلەق بوونی متمانە و بەر تەوژمی ڕەخنەی توند بین..

/لێژنەی ئامادەکار



نازناو و ڕەهەند و پێشنیاری نوێ، بۆ ناونیشانی پیاوچاکان زۆرن، بەڵام بۆ کەسایەتیی وەکو شێخ فازڵ، دەبێ لەفەرهەنگی عاریفاندا بەدوایاندا بگەڕێی.

شێخ فازڵ بەدەر لەشارەزابوونی لەزانستەکانی شەرع و تێکەڵ بوونی لەگەڵ غەزەلەکانی حافز و سەعدی و مەولانای ڕومی، لەناخەوە هەڵگری ڕۆحێک بووە، ڕێڕەوی گۆڕیبوو بەشوێن مانای (بوون)دا، تەریقەت لەڕوانگەی شێخ فازڵ ڕێوڕەسمی ڕووکەش و کۆمەڵێک وشەو نەریت نەبوو، بەڵکوهەمیشە سەرقاڵی سەفەرێکی بەردەوام بووە لەگەشتی (من)ەوە..... بەرەو (ئەو)...!!!!! هەستی دەکرد ڕێگای نادییار دەبڕێت، تا ئەوکاتەی لەنێو بێدەنگی دۆڵ و کێوەکانی ناخە بێگەردەکەیدا، گوێی لەسرووشی یەکتایی بوو، دەرگای حیکمەتی ئیلاهی بەڕویدا کرایەوە، بۆ خوێندنی (تهذیب الکلام)، بەواتا (پەروەردەی زمان و جوانبێژی)، ئەوە لەلایەن جەنابی حەقەوە سەرەتای گەورەترین وەرچەرخانی ژیانی شێخ فازڵ بووە...مامۆستا عەبدولکەریمی مودەریس دەڵێت: کەخوێندنەکانی حوجرەی لەشوێنان بەسەرکەوتوویی تەواو کرد، هاتە خانەقای بیارە بۆ خوێندنی (تهذیب الکلام)، ماوەیەکی باش لەوێ مایەوەو گەلێک هەوڵی داو کۆششی کرد و(تهذیب الکلام)ی زۆر بەچاکی خوێندن، کاتێک گەیشتە ئەوەی ئیجازەی لەسەر وەرگرێت، وتی: (تێکچووە)!!، بەڵێ، لە فەرهەنگی ئێمەمانان تێکچوو بوو، حاڵی گۆڕا، یەکێک دەیووت شێت بووە، یەکێکی تر ئەیووت: (مەجذووب)ە پلەی ویلایەتی هەیە.. مامۆستا عەبدولکەریمی مودەریس جوانی پێکاوە کە دەفەرموێت(مەجذووب)ە، ئەوە سەفەری ڕۆحە لەحوجرەی مەعریفەوە بۆ میحرابی حزوور، بەو سالکیی و جەزبەیە (ئیجازە)ی خوێندنەکەی لەجەنابی حەق وەرگرتبوو، خوای گەورە بۆ ئەوە (تهذیب الکلام)ی پێخوێند، تاوەکو خانەقای بیارە بگوازێتەوە بۆ خانەقاکەی دڵی، واز بێنێت لەگەشتی سەفەری(من) بەرەو (ئەو)!!.

خوا گیان ویستیی وابوو، هاتنی (من)ەکەی ئەو، بگوازێتەوە بۆ حزووری خۆی، بۆ (فەنا فی الله)... لە(من)ی کاتی دەرچێت و تێکەڵی نەمری بێت...



ویستی خوای گەورە بووە، بیارە جێ بهێڵێت و بچێتە کفری بۆ نیشتەجێ بوون، کفری لەدڵی ئەودا، وەک هێڵی مەحەبەت کێشرا بوو، هێڵێک بوو هەمیشە دەربەندیخانی سۆز و دڵی گۆپتەپەی سەنگاویی، مەڵبەندی واری دڵسۆزان و پڕ لەحەسرەتی بەیەکەوە گرێ دابوو...

ئەو لەوێوە، لەو وێستگە خودایییەدا، خوای گەورە کردوونی بە یادەوەرییەکی مەحەببەت بۆ کۆکردنەوەی ئەو هەموو دڵە دەربەدەر و دوورە وڵات و شێواوانەی کەتا ئێستا پەرت و بڵاون..

کاتێک شێخ فازڵ بەکەسێکی بێدەنگ و کەمدوو ناسراو دەبێت، بە گەڕۆکی نێو کووچە و کۆڵانی شاردا هەنگاو دەنێت، ئەو ڕێبوارێکی سەرشەقام نەبووە، بەڵکو دەرویشێکە لەهەناوی واقعێکدا، چیرۆکی ونبوونی سەردەمێک دەگێڕێتەوە.!!!... ئەو دەیزانی پەیامە گەورەکانی (بوون)، پێویستیان بە قەرەبالغی و دروشم نییە، بەڵکو لەلێوێکی بێدەنگ و دڵێکی گڕگرتوودا چڕبە دەکەن.

بۆ گەڕانەوەی جوانیە فەوتاوەکان، لەنێوانی پەناگەی ناخ و جیهانیی دەرەوەیدا، پەنای بۆ زمانی خۆشنووسی شیعرەکانی حافز و سەعدی و مەولانا و وێنەکێشانی برد بوو...


کەسێک لەخانەقای دڵ بوو بێت، کە شوێنی بێدەنگی، خەڵوەت، ڕازی پاک و پەرستشی ناوەکییە، لەهەمان کاتدا شوێنی حەوانەوەو نووستنی، چایخانەکەی سەید سلێمان بووبێت، کە شوێنی گەرموگوڕی و وتوێژ و دەنگی بەرز و چای خواردنەوەو قەپ وقڕ و هتد.... گواستنەوەی پەیامی عاریف لەخانەقای دڵەوە بۆ چایخانە، لەهێنانە خوارەوەی عیرفانە، لەبورجەکانی تەنیایی شێخ فازڵ، بۆ نێو ژیان و گوزەری خەڵکی سادە.. چایخانەی سەی سلێمان و سلێمانەکان لە (هودهود)ەکانی شێخ فازڵ حاڵی دەبن، ئەو کەنار گیرییە بەو جۆرە واتای بە (بوون)ی ژیان بەخشی لەشاری کفری...

..... هەزار ڕەحمەتی خوای گەورەی لێ بێت.....

...خالد جاف



سەرەتا دێینە لای ڕەگ و بنەچە و بەرەبابی (شێخ فازل)ی کفری :



گۆڕی شێخ مەحەمەد سالّحی گۆپتەپە و شێخ عبدالقادر (قازانقایە) و شێخ حوسێنی کلێسە و شێخ مەحموودی کلێسە گۆڕەکانیان لە قازانقایەیە، شێخ مەحموودی گۆپتەپە و شێخ عەبدولقادری گوللە نەبڕی برای گۆڕیان لە سەنگاوە، گۆڕی شێخ سەعیدی گۆپتەپە لە گۆڕستانی شێخ سەعید خۆیەتی لە چەمچەماڵ، شێخ حەسەن لەسەر داوای دەروێشەکانی ئەرزەڕوم دەچێتە تورکیا، ساڵی ١٨٩١ لەقەزای خامور کۆچی دوایی دەکات، دوو کوڕی بەناوی شێخ ئیسماعیل و شێخ عەبدولقادر دەبن بە جێنشینی، زانیاری لەسەر شێخ حوسێن و شێخ عەبدولڕەزاق تائێستا نەزانراوە.

*ئەو زانیارییانە: لەماموستا شێخ ئەحمەد شێخ حەسەنی فەقێجنەری کوڕی شێخ ئەمین/لە ستۆکهۆڵم ، وەرگیراوە.

لەدەستنووسی (بەحری ئەنساب)ی شێخ مەحموودی قوتبی بەرزنجی ،(لەڕێگەی شێخ عبدالجبار شۆرجە نەوەکەی) وەرگیراوە.

هەوالنامەی کتێب



شێخانی گۆپتەپە، تیشکێک لەسەر مێژووی ئیرشاد و خزمەت

وەک پێشتر لەشەجەرەی بەرەبای شێخ فازڵ ئاماژەمان پێکرد ، شێخ مەحموودی باوکی شێخ فازڵ (٤) برا بوون لەگۆپتەپە دەژییان، لەو دەڤەرە (شێخ سەعید و شێخ مەحموود) دیارترین کەسایەتی بنەماڵەکە بوون، شێخ حەسەن هەر لەمندالییەوە چووەتە تورکیاو لەوێ نیشتەجێ بووە.

شێخی سەعیدی گۆپتەپە و ڕۆڵی لە شاری سلێمانی...

شێخی سەعیدی مامی شێخ فازڵ لەگوندی قازانقایە لەدایک بووە، بە کەسایەتییەکی دیار و خاوەن پێگە و بوێر ناسراو بووە،لەو سەردەمە جەماعەتی ئیتیحاد و تەرەقی لەدژی شێخانی بەرزنجە لەسلێمانی ئاژاوەیان دەگێڕا، شێخی سەعیدی گۆپتەپە بە ژمارەیەکی زۆری سواریی ئابلۆقەی سلێمانیان دا، ئەوە بوو ساڵی ١٩٠٨ز بەو بیانووە بۆ لەناو بردنیی شێخ سەعیدی حەفید و هەردوو کوڕەکەی شێخ ئەحمەد و شێخ مەحموودی حەفید دەڕپەڕاند و نەفی کران بەرەو مووسڵ، ئەوە بوو بەناحەق و بەپیلانی دارێژراوی پێش وەختە لە دووەم ڕۆژی جەژنی قوربان ڕۆژی یەکشەممەی ١١ی زیلحیجەی ١٣٢٦کۆچی ڕێکەوتی ٤ی کانوونی دووەمی ١٩٠٩ زایین شەهید کران و تەنها شێخ مەحموودی حەفید ڕزگاری بوو.

شێخی سەعیدی گۆپتەپە و چوونی بەرەو ڕۆژهەلاتی کوردستان...

کاتێک ڕووی لەڕۆژهەلات کردو لەناوچەی زەهاو سەربەپارێزگای کرماشان ، لەبەرئەوەی لەوێ خزم و دۆست و موریدیان زۆر بوو نیشتەجێ بوو، لەو سەردەمە (شا ئەحمەدی کەلهوڕی) دەسەلاتداری ناوچەی کرماشان بووەو بەردەوام هاتووچۆیان هەبووە، لەبەر ویقار و لێهاتوویی شێخ سەعیدی کردووە بە(نەقیبی سەرپیل زەهاو)..



شێخانی گۆپتەپەی سەنگاو

شێخ مەحموودی گۆپتەپە، باوکی شێخ فازڵ، شەش برا بوون لەو دەڤەرە دەژیان، بەناوی (شێخ سەعیدی گۆپتەپە، شێخ مەحموودی گۆپتەپە، شێخ عەبدولقادری گوللەنبڕ، شێخ حەسەن. شێخ حوسێن، شێخ عەبدولڕزاق). دیارترین کەسایەتیی لەو برایانە، شێخ سەعید و شێخ عەبدولقادری گوللە نەبڕ و شێخ مەحموودی باوکی (شێخ فازڵ) و بووە، لە کتێبی (ایلات و طوایف کرمانشاهان) بە فارسی/ محمد عەلی سوڵتانی باسی مێژووی تێر و تەسەلی کرماشان دەکات، لەو کتێبە باسی جوامێری شێخ سەعیدی گۆپتەپە دەکات، کە چۆن لەخەمی تیرە و هۆزەکانی ناوچەی کرماشان بووەو هاوکاری سالارە دەوڵەتی پاشازادەی قاجار و لەگەڵ خەڵکی ناڕازی دژی حکومەتی ئەو سەردەمە بووە.

تا ئێستاش پەیوەندییەکانی خزم و دۆست و موریدانی شێخانی بنەماڵەکە، لەئێران لە ناوچەکانی کرماشان و سنە و ئیلام بەردەوامە، تائێستاش دەرویشانی شێخ مەحموودی گۆپتەپە (باوکی شێخ فازڵ) لەئێراندا هەن. هەروەها مزگەوتی شێخ سەفادینی هاشمی (برای شێخ فازل)، لەشاری کرماشانە و بە ئاوەدانی تائێستا ماوە، دواتر مزگەوت و حوجرەو مەردرەسەی شێخ سەفادین لەقەڵای جوانڕۆ، بەڵگەی ڕۆڵ و کاریگەری گرنگی شێخانی گۆپتەپەی بەرزنجین لەو ناوچەیە...

****

دڵینە لای (شێخ عەبدولقادری گوللە نەبڕ) مامی شێخ فازڵ



(شێخ عەبدولقادری گوللە نەبڕ) لەدەیان سەرچاوەی کوردی و عەرەبی عوسمانی و بەریتانی ناوی هاتووە، یەکێک بە لەفەرماندە و سەرکردە جوامیرەکانی شۆڕشەکانی شێخ مەحموودی حەفید، لەسالی ١٨٦٥ز لەدایک بووە، پێنج جار هاوسەرگیری کردووە، خاوەنی نۆ کوڕ و نۆکچ بووە، بەهۆی ئازایەتی و لێهاتوویی لە شۆڕشەکانی شێخ مەحموودی حەفید (١١) جار بریندر بووە،نازناوی بووە بە (گوللە نەبڕ). لە ساڵی ١٩١٦لە ناحیەی مەیدانی لای خانەقین لەشەڕێکی قورسدا پاشەکشەی بەهێزێکی گەورەی ڕووس کردووە، دواتر لە ناوچەی (دەشتی کچان)ی سەرنگاو، بەرامبەر هێزێکی گەورەی ئینگلیز وەستاوە نزیکەی (٣٠٠) چەکدار بووە، بەنیازی ئەوە بوون لە کفرییەوە بچن بۆ سلێمانی دژی شێخ مەحموود بجەنگن، شێخ عەبدولقادر لەگەڵ هاوڕێیانی ناوچەی خۆیان ئەو سوپایەیان بەجارێک تێکشکاند و فەرماندەی سوپاکەیان بەدیل گرت و ڕەوانی لای شێخ مەحموودیان کرد. بۆیان دەرکەوت ناتوانن لەگەڵ شێخ عەبدولقادر لەشەڕدا بەرەنگار ببنەوە، ناچار پەنایان بردە بەر دانوستان و دانیشتن، ئەوە بوو ئینگلیز بۆ ئەو مەبەستە ئەفسەرێکی خۆیانی بەناوی (کاپتن لیز) دەستنیشان کرد، لەسەر مەرجەکان پێکهاتن، پاشان لە ساڵی ١٩٢٣زایین شێخ کرا بە قائیمەقامی قەرەداغ و شێخ مستەفای کورپشی کرایە بەرێوەبەری ناحیەی سەرنگاو. شێخی ناوبراو لەبەر ئەوەی کەسێکی ناودار و ناسراو بووە، لەگەڵ (سالارە دەوڵەت)ی برای محەمەد عەلی شای قاجار پەیوەندی باشی هەبووە، هەروەها مەلیک فەیسەڵی یەکەم لەبەر پێگەو ناوبانگی دیاری ڕێزلێنانی بۆ ناردووە.لە کۆتاییدا شێخ عەبدولقادر (٧٠) ساڵ ژیا، لەساڵی ١٩٣٥ز کۆچی دوایی کرد و لە گۆڕستانی گۆپتەپەی سەرنگاو بەخاک سپێردرا.. پیرەمێردی شاعیر هۆنراوەیەکی بۆ (زینەت خانی) هاوسەری نووسیوە دەڵێت:

شێخ عەبدولقادر کە یەکەپیاو بوو بەهەموو ڕەنگی پیاوی تەواو بوو
بۆ ڕۆژی نەبەرد گوللە نەبڕ بوو گەیبووە حەفتا هێشتاکو کوڕ بوو

سەرچاوەکان: د. سامان محیدین، چەمچەماڵ/ئینسکلۆپیدیای کورد و کوردستان& سایتی م.عبدالرقیب یوسف& کرد.
ترک. عرب/ سیسل أدمونز& ڕۆژنامەی بانگ کوردستان/ ژمارە (٦) ساڵ ١٩٢٢ز& دیوانی پیرەمێرد....




ڕێچکەی تەسەوف لەڕێبازی (شێخ مەحموودی) گۆپتەپەی سەنگاو باوکی شێخ فازڵ

شێخ مەحموودی گۆپتەپە کە باوکی شێخ فازڵە، خاوەنی تەکیەو مزگەوت بووە لە گۆپتەپە، لەبەر پاکی و ڕاستگۆیی ڕێبازەکەی لەخواناسی و تەسەوف و پەروەردەی ڕۆحیدا، مۆریدو لایەنگرانی زۆر لەناوچە جیاوازەکانی ئێران و ناوچەی دەربەند و گەرمیان، شارەزوور، کرماشان هاتووچۆیان کردووە و داوای ڕێنمایی و بانگخوازییان لێکردووە. ئەم ڕێچکەی تەسەوفە تەنها لەسنووری ناوخۆییەکاندا نەماوەتەوە، بەڵکو لەهەرسێ وڵاتی عێراق، ئێران، تورکیادا بڵاوبووەتەوە، بە جۆرێک ژمارەیەکی زۆر لە موریدان لە ناوچەکانی ئەرزەڕۆم، بەدلیس، دۆغانچی، تا ئستەنبوڵ شوێنکەوتووی ئەم ڕێبازە بوون، هەر لەبەر ئەمەش بوو شێخ مەحموود لەنێوانی عێراق و ئێراندا سەرقاڵی ئیرشاد و خزمەتی ڕۆحانی بووە. لەکاتی هەڵگیرسانی جەنگی یەکەمی جیهانی و تێکچوونی دۆخی ناوچەکە، بەهۆی زەبر و زۆری داگیرکەری ئینگلیزەوە، خانەوادەی (ساحێب خان)ی خێزانی شێخ مەحموود لەگەڵ هەر چوار کوڕەکانیان (شێخ فازڵ، شێخ محەمەد سالێح، شێخ حەسەن، شێخ تاهیر) پێکەوە بە کۆچ و هەڵاتن دەچنە پاریاوڵای لای لەبادانی ئێستای نێوانی دەربەندیخان و پێباز و نزیکی ڕووباری سیروان.

شێخ مەحموود کەسێکی ناسراو بووە، بەتایبەتی لەڕۆژهەڵاتی کوردستاندا خۆی بە خزمەتکاری نەدار و بێدەرامەتەکان زانییی بوو، بەردەوام هاتۆچووییان هەبووە، لەبەر ئەوەی شوێنکەیان نزیکی کرماشان و سنووری ڕۆژهەڵات بووە، تەنانەت ئەهلی یارسانییەکانی ڕۆژهەڵات، ڕێزێکی تایبەت و قوڵیان بۆ شێخ مەحموود وئەوەکانی هەبووە، چونکە سوڵتان ئیسحاق کۆڕی سەید عیسای بەرزنجی کوڕی بابە عەلی هەمەدانی، کەشێخ عیسا باپیرە گەورەی شێخ مەحموودی باوکی شێخ فازڵە، موجەددی ڕێباز و ئایدیای یارسانەکان بووە، هەر لەبەر ئەو پەیوەندیی بنەڕەتی و ڕیشەییە، خۆشەویستی بێوێنەیان هەیە بۆ باوباپیرانیان، هەمیشە خۆیان بە موریدو و ساباتی بەرزنجە زانییوە. جا شێخ مەحموود و هەرسێ کوڕەکانی (شێخ تەها، شێخ سەفائەدینی جوانڕۆ، شێخ محەمەدی کۆسە، بەردەوام ئیرشادیان لەڕۆژهەڵاتدا کردووە، هەتا ئەمڕۆش دەرویش و لایەنگرانی زۆریان لەناوچانەدا هەیە، شێخ ئیسماعیلی کوڕی شێخ سەفائەدین و شێخ عومەری کوڕی شێخ ئیسماعیل تا ئێستا سەرپەرشتیاری مزگەوت و مەدرەسە و ئەو شوێنە دەکەن، کە بووە بە مەڵبەندی زیکر و خودا پەرستی و هاوکاری هەژاران و نەدارانی ئەو دەڤەرە، هەروەها بووە بەجێی خزمەتگوزاری لایەنی کۆمەڵایەتی بۆ پرسە و سەرەخۆشی ناوچەکانی جوانڕۆ، سەلاسی


باوەجانی و ڕوانسەر و دەوروبەری تا دەگاتە قەڵای جوانڕۆ، چرای ئیرشاد تێیدا هەمیشە گەش و بەرقەرار بووە....



هەواڵنامەی کێبی

شێخ باهیری "شەهید" لەڕێکەوتی ٣١/ ٥/ ١٩١٩ لەنێوانی کەرکووک و سلێمانی دا نزیکی گوندی برایم ئاغا، بە بۆمبای فڕۆکەی ئینگلیز، بوو بە یەکەمین شەهیدی شۆڕشی شێخ مەحموود بووە، گۆڕی شێخ ئەمین لەگۆڕستانی ئەحمەد برندەیە لە دەربەندیخان، گۆڕی شێخ تەهای سیارە و گۆڕی شێخ سادقی برای لە سیارەی لای دەربەندیخانن، گۆڕی شێخ سەفائەدین لەمزگەوت و تەکیەکەی خۆیەتی لە جوانڕۆ، گۆڕی شێخ تاهیر لەمزگەوتی خۆیەتی لە سەیدسادق...

لەبەر ئەوەی هەموو زانیارییەکانم لەماموستا شێخ ئەحمەد شێخ حەسەنی فەقێجنەری کوڕی شێخ ئەمین وەرگرتووە، ئێستا لەهەندەرانە لە / ستۆکهۆڵم، دەبێت خزمایەتییان لەگەڵ (شێخ فازڵ) بە خۆینەری ئەزیزی ئاشنا بکەم.. ئاماژە بە ڕشتەی بەرەبای ماموستا ئەحمەد دەکەین، کە دایک و باوکی (ئامۆزای یەکن) دوو کەس لە (١٠) کوڕەکان شێخ مەحمــوودی گۆپتەپەی سەرنگاو.




شێخ سەرفائەدین
ڕوبــاب خان

شێخ فازڵ کفری
مامی باوک و دایکی

شێخ ئەمــین
شێخ حەسەن



شێخ عەزیز




شێخ ئەحمەد



شێخ ئەنوەر






هەوالنامەی کتێب



ناوی تەواوی (شێخ فازڵ) کوڕی شێخ مەحموودی کوڕی شێخ محەمەد سالحی گۆپتەپەی گۆپتەپەی سەنگاوی کوڕی شێخ عەبدولقادری قازان قایە کوڕی شێخ حوسێنی کلێسەی کوڕی شێخ مەحموودی کلێسە کوڕی قوتبی زەمان (شێخ ئیسماعیلی ولیان و کوڕی شێخ محەمەدی نۆدێ). ڕەگ و بنەچەی لەباوباپیرانیەوە دەچێتەوە سەر ئەو زاتە گەورانە.

بنەماڵەی دایکی شێخ فازڵ کە ناوی(ساحێب خان)ە، کچی حەبیبوڵا خانی سەرۆک عەشیرەتی جافی قوبادی بووە.

شێخ فازڵ لە ساڵی ١٩٠٩ لەگوندی گۆپتەپەی خواروی سەنگاو سەر بەقەزای چەمچەماڵ لەدایک بووە، هەر بەمندالّی سەرەتای شەڕی جیهانی یەکەم دەبێت، لە حوجرە و مەدرەسە و تەکیەی شێخ مەحموودی باوکی وەکو فەقێیەک فێری خوێندن و نووسین و زانستەکانی شەرع دەبێت، لەبەر شەڕو شۆڕی ئەو سەردەمە و شۆڕشی شێخ مەحموودی حەفید دژی ئینگلیز و بەجارێ ئالۆزی دەکەوێتە نێو هەموو شارو شارۆچکە و دێهاتەکان، لەوکاتەدا (شێخ باهیری) برای شێخ فازڵ یەکەمین شەهیدی ئەو شۆڕشە دەبێت، لەو شەڕە شێخ ئەمین و شێخ سەفائەدینی برای شێخ فازڵ بریندار دەبن.. ئەم بنەماڵەیە لەبەرئەوەی لەگەڵ شێخ مەحموودی حەفیدخالۆزاو پورزاو لەباپیرانیشەوە ئامۆزا دەبن، هەریەکەیان بەلایەکدا پەرتەوازە دەبێت...



هەولێری کتێب



بەرەو گوندی(پاریاوڵا) ی سنووری گەرمیان و پاشان بەرەو (بیارە)

لەپاش شەهید بوونی شێخ باهیری برای لە ٣١ی ئایاری ١٩١٩، فشار دەکرۆتە سەر بنەماڵەی شێخ فازڵ بەهۆی پشتگیریان لەشۆڕشی شێخ مەحموود، بڕیار ئەدەن سنووری سەنگاو نەمێنن، دەڕۆن بەرەو سنوورەکان ئێران و ڕوودەکەن لە ناوچەکانی دەربەندیخان و هەڵەبجە و گەرمیان و ئەوبەری ڕووباری سیروان، مائی شێخ فازڵ لە(گوندی پاریاوڵا) نیشتەجێ دەبن، ئەم گوندە کەوتووەتە سنووری گەرمیان، دەکرۆتە نێوانی پێباز و دەربەندیخان لە حوجرەو مزگەوتی ئەو گوندە لەخزمەتی ماموستایەک دەخوێنێت ناوی (مەلا قادر) بووە، دواجار کەلەقوناغی هەرزەکاری تێدەپەڕێت، بۆ فێربوون و خوێندنی زانستەکانی شەرع دەچێتە مەدرەسە و حوجرەکانی سلێمانی و هەڵەبجە بۆ خوێندنی(نەحو، سەرف، بەلاغە،عەروامل، مەنتیق، فیقهو ، ئوسوڵی فیهو زمانی فارسی ..هتد. بۆ خوێندنی(تهذیب الکلام)چووە بۆ (بیارە)، ئەو چوونەی شێخ فازڵ بۆ خانەقای بیارە لەساڵانی سییەکان بووە، ماوەیەک لەخزمەتی شێخ عەلادینی بیارە ماوەتەوە، لەخانەقا ژووری تایبەتی خۆی هەبووە، شێخ عەلادینی بیارە بە شێخ تۆفیقی شێخ محەمەدی شێخ فایەقی بەرزنجی، وتووە: شێخ فازڵی شێخ مەحموودی گۆپتەپە لێرەیە، ئەوەندە نووری عیشقەکەی بەهێزە، بەو دۆخەوە بمێنێ، هەموومان پێوەی دەسووتێین. ئەو شێخ تۆفیقە هاوسەری (خەپسەخانی) برازای شێخ فازڵە و یەکێ بووە لەکەسە دێرینەکانی گەڕەکی مەڵکەندین لەسلێمانی).

هەڵبەستی کتێب




(شێخ حەمەصالح) نەوەی شێخ ئیسماعیلی ولیان

شێخ حەمەصالح کوڕی شێخ عەبدولقادری قازان قایە، کوڕی شێخ حوسێن..ئەم پیاوە زاتێکی بەدین وخاوەن ڕەوشت و خووی بەرز بووە،ئیرشادی کردووە تاساڵی۱۳۰۲ک/۱۸۸٤ز، لە قازان قایە کۆچی دوایی کردووە، چوار کوڕی لێ بەجێماوە شێخ عەبدولقادری (گولەنبڕ)، شێخ مەحموود(باوکی شێخ فازڵ)، شێخ حەسەن، شێخ سەعید. شێخ مەحموود لەسەر ڕێبازی ڕۆیشت و ئیرشادی کرد...(لەپاش خۆی ۱۰ کوڕی لەوانە: شێخ تەها، شێخ ئەمین (باپیری مامۆستا ئەحمەد)، شێخ سەفائەدین جوانڕۆ، (شێخ فازڵ) دایکی ئەو شێخ فازڵە کچی حەبیبوڵڵا خانی قوبادییە، پیاوێکی سەرو شێوە جوان ڕەوشت پاک و خۆشنووس و دەنگخۆش بووە،بۆ خوێندن هاتە بیارەو ماوەیەک لەوێ مایەوەو گەلێک هەوڵی داو کۆششی کرد لەخوێندنداو (تهذیب الکلام)ی خوێندو کاتێ گەیشتە ئەوەی ئیجازە وەربگرێت و دەرس بڵێتەوە مێشکی تێکچوو،حاڵی گۆڕا، یەکێک ئەیوت: شێت بوەو یەکێکی تر ئەیوت: مەجذووبە پلەی ویلایەتی هەیە... بەو شێوەیە چوو بۆ شاری کفری و لەوێ مایەوەو ڕێزی لێدەگیرا، تا لە ساڵی (۱۳۸۵)دا کۆچی دوایی کرد...

***** ئەو زانیارییانە لەکتێبی (بنەماڵەی زانیاران) وەرگیراوە.*******

لاپەڕەی(۳۲۵) لەچاپی تر لاپەڕە(۲٤٦)دا.

تێبینی/ ساڵی (۱۳۸۵) کۆچی دووایی دەکاتە ۱۹٦۵ زایین نەبووە، بەڵکو ساڵی کۆچی دواییەکەی ۱۳۹۱کۆچی/۱۹۷۲ زایین بووە، هەروەها بەپێی (بحر الانساب)ی شێخ مەحموودی قوتب، شێخ حەمەسالح(٦) کوڕی هەبووە...






شَيْخ عَبْدُ الكَرِيمِ المُدَرِّسُ



ئەو شێت بوون و مەجذووب و پلەی وێلایەتیەی، کەلە خانەقای بیارە وەسفی بۆ کراوە لەسەر زاری مامۆستا عەبدولکەریمی مودەریس، ئەوە سەرەتای (فەنا فی اللە)ی شێخ فازلی کفری بووە...



یەکێک ئەیوت: شێت بوەو یەکێکی تر ئەیوت: مەجذووبە پلەی وێلایەتی هەیە.. لەکتێبی (عوارف المعارف) ش. شەهابەدینی سوورەوەردی لەباسی جەزب و مەجزووب لە ڕوانگەی عیرفانییەوە، بەو سالیکە دەوترێت لەڕێگەی تەجەللای ئیلاهییەوە جەزب بوو بێت (کرا بێتەکێش)، مەجزووب لەسەر وەزنی مەحبووبە، لەلایەن تەجەللای ئیلاهی و خۆشەویستیی جەنابی (حەق)ەوە کرابێتە کێش و (فەنا فی اللە)ی بوو بێت، ئەو فەنایە بۆ ئاکاری دێوانەیی شێخ فازڵ حیکمەت و (ماسکێک)ی ئیلاهی بووە، تاوەکو لەلایەک ناخ و خودی شێخ فازڵ لە گڵاوی خۆ بەشتزان و ڕیابازی و نەخۆشیەکانی دڵ بپاڕێزێت، لەلایەکی تر بۆ ئەوخەڵکە بوو بە وانەیەک تا کەس بە پیرۆز و موقەدەسی نەزانێت، هەمیشە بەو ئاکاری دێوانەییە دەرکەوتووە، تابڵێی کەمدوو بووە، کە قسەشی کرد بێت بە زمانی عاریفانەی فەرمی و نافەرمی دواوە، ئەو دۆخە زۆر لە فەیلەسوف و عاریفان پێیدا تێپەڕیون، لەبەر ئەوە تێگەیشتن لە وەسف و قوواڵبوونەوەی ئەو جۆرە کەسانەدا، زمانی ئاسایی ئێمەمانانی لەکار خستووە....!!! کەدێینە لای ئەو خەت و ڕەنگانەی تابلۆکانی(شێخ فازڵ)، هەست دەکەیت بەتام و بۆی عاریفانە کێشاونی، ئەو نووسین و بشێویی و پێچ و چەمانی خەت و هێڵانەی کە بە قەڵەمی ڕەنگ دروستی کردوون، هیچیان بەدەستی ئەنقەست نین، بەڵکو بەتام و بۆی سەمای مەولانا و دابڕانی گریەی (نەی)مکەی، زمانی تابلۆکانی لەمەسنەوی فەنا بوونداا دەبینێت..

هەڵاڵەی کتێب



ژیان و کۆتا گەشتی شێخ فازڵ لە شارۆچکەی کفری




لەشاری دێرینی کفری، شێخ فازڵ بەپیاوێکی خۆشەویست و خۆشەویست و خاکیی و عاریف و خواناس و ساحێب کەرامات ناسراو بووە.

لە خۆشەویستیدا لەزۆربەی دوکان و چایخانە و چێشتخانە و ماڵەکان وێنەی ئەو زاتە بەدیوارەوە دەبینرا، بەسەڵتی دەژیا و ماڵ و حاڵی نەبووە، بەڵام هەموو کفری ماڵی ئەو بوو، ئەو خەڵکە بێ جیاوازی بەهەموو نەتەوەکانیەوە، بە دارا و هەدارا و بەچەپ و ڕاستەوە خۆیان بە کەسی (شێخ فازڵ) دەزانی، لەکەس داوای یارمەتی نەکردووە، یارمەتی کەسی پێ قبوول نەبووە، هەرکەسێکیش پارەی پێ دابێت، کۆی دەکردەوە ئەیدا بە منداڵانی گەڕەک و کۆڵانەکان، ئەو بڕە پارەیەی کەداوای بکردایا لە هەرکەس تەنها (١٠) فلس بووە، ئەویش دڵی منداڵانی پێخۆش دەکرد، بۆ ماندوەی شەوانی ، بۆ ماڵی کەس نەچووە، تەنها دوو شوێنی هەبوو، یەکیان چایخانەکەی سەید سلێمان بوو، ئەوی تریان حەمامەکەی کفری، لەسەر زاری سەید کوڕی سەید سلێمانی چایچی، شێخ فازڵ ساڵی ١٩٣٧ی زایین هاتووەتە کفری، لەوێ ژیاوە تا ئەو ڕۆژەی کۆچی دوایی کردووە.

هەوڵادەی کتێب



"١٠ فلس" لە مەملەکەتی شێخ فازڵ



لەناو پێچاوپێچی کوچە و کۆڵانە دێرینەکانی کفریدا، لەو سەردەمەی کەتاڵاوی هەژاری و ئارەقی ڕەنجکێشان، چنگی لەگەرووی ژیان گیرکردبوو، لەنێو ئەو ژاوەژاوە سەختەی ململانێ بۆ مانەوە، سێبەری پیاوێکی خودایی بەنێو بازاڕادا دەگوزەرا، ئەو خواناسە (شێخ فازڵ) بوو. ئەو عاریفەی کەلە قوڵایی خەڵوەتگەی ڕۆح و بیدەنگییەکی پڕ، لە تەجەللاوە هەنگاوی دەنایە نێو جیهانی فەناوە. ئەو نەچوو بۆ کڕینی کاڵا، نەیدەویست تێکەڵی مامەڵەی دنیا بێت، ئەو هات ئەو ڕازە گەورەیەمان بۆ بەیان کا، مۆری غەفلەت لەسەر دڵی ڕەقی بازاڕ بشکێنێت..!!!...

ئەو پیاوە کەنیگاکانی پڕ بوون، لە تێگەیشتنی ئەودیوی بینین، داواکانی لەدەستکورتی نەبوو،(١) عانەی جاران و(١٠) فلسی دواجار، ئەو دراوەی لەهەموو کەسێک وەرنەدەگرت، کاتێک پڕ دەستی دەبوو لەو پارانە، ئەمدیو ئەودیوی پێدەکرد، خوێندنەوەی بۆ دروست دەبوو، دەیزانی زۆربەی پارەی نێو گیرفانەکان، بەنەفرەتی چاووچنۆکی بارگاوی کراون، بەڵام هەر ئەو پارەیە کە دەگەیشتە دەستی پاکی منداڵەکانی نێو کۆڵان، ئەو خۆشییە لەو پەڕەسێلکەیە دەچوو، مزگێنی بەهارێکی بچووک، بۆ تامەزرۆی دڵی منداڵەکانی بردبێت... (شێخ فازڵ دەیویست نرخەکانی دنیا، لەهۆشی خۆماندا کەبە (بەها)مان دەزانی، هەڵیوەشێنێت)، ئەو دراوانەی دە درایە منداڵەکان، لای ئەوان کانزایەکی خەرجی بوو، بەڵام ئەم بەخششی میهرەبانی ئیلاهی بوو ، بەنەرمی زەردەخەنەکان برسێتیان تێر دەکرد...




حوسێن عەلووش سەرۆکی عەشیرەتی بەیات لەکفری

...حوسێن عەلووش لە یادەوەرییەکانی خۆیدا دەڵێت: لە کفری دوا کەس بووم دەستی شێخ فازڵم ماچ کرد، دەگێڕێتەوە دەڵێت ئێوارەیەکی درەنگ بوو من و شنە بەربەر(سەرتاش) ناوی نەشئەت بووە،لە باخی پاشاوە هاتینە ناو بازاڕ و لەچایخانەکەی سەید سلێمان لاماندا، بینیمان شێخ فازڵ بە تەنها دانیشتووە و دونیا گەرم بوو یەخەی کەواکەی کرد بوو، ئێمەش هەردوو چوینە لای شنە بەربەر پێی وت : یابە مەقامێکی دەشتمان بۆبچڕە، شێخیش وتی نا نا تۆ بچڕە، شنە بەربەر یەکێک بوو لەدەنگ وەسەنەکانی کفری، دەستی کرد بە چڕینە دەشتێک بە فارسی و شێخیش بە جوانی گوێی بۆ شا کرد بوو، پاشان شێخ وتی : بەسە ئێوەش وەکو من ماندوون، برۆن من کاری خۆم هەیە، شنە دەستی ماچ کردوو و دوای ئەو منیش هێندە دەستی شێخم ماچ کرد تا خۆی وتی بەسە کوڕم هیلاک بووی، شێخمان جێهێشت و چووینە ماڵەوە، بۆ دوا ڕۆژ کەچوومە بازاڕ درەنگانێک بوو، تەماشا دەکەم خەڵک هەمووی شڵەژاوە و چرا و لۆکسیان بەدەستەوەیە، وتیان شێخ فازڵ وەفاتی کردووە، ڕێکەوتی ٢/١٠/ ١٩٧٢ بوو، لەگۆڕستانی باوە شاسوار بەخاکیان سپارد...

تێبینی/ بەشێک لەخەڵکی کفری لەخۆشەویستیدا، بە شێخ فازڵیان دەوت : (یابە).. ئەم زانیارییە لەماموستا ڕفعەت محمد کفری وەرگیراوە.




کاتێک برازاکانی شێخ فازڵ بەناوی شێخ حەسەن شێخ ئەمین فەقێجنە، شێخ قادر شێخ تەهای (بەڕێوەبەری شاردەوانی دەربەندیخان ساڵی ١٩٧٢) و شێخ عەبدولکەریمی برای، شێخ نووری شێخ سەفائەدین، شێخ محێدین شێخ محەمەد کۆسە و شێخ تاهیری برای، ئامادەی ناشتنی شێخ فازڵ دەبن و دەگەنە کفری، لەگۆڕستانی باوە شاسوار، شێخ حەسەن داوای کرد لە ئامادەبووان تەرمەکەی بباتەوە بۆ دەربەندیخان، خەڵکی کفری وتیان دەبێ بەسەر لاشەی ئێمەدا ئەو تەرمە ببنەوە.. پاش تەواو بوون و بەخاکسپاردنی شێخ فازڵ..برازاکانی شێخ بۆ نان خواردن لە کەبابخانەیەک لایان دابوو، کاتێک دەچن پارەی خواردنەکە بدەن، خاوەنی کەبابخانەکە لێیانی پرسی بوو، ئێوە کێی شێخ فازڵ دەبن، وتیان برازای ئەوین، ئەویش وتی پێش چەند ڕۆژێک پارەی ئێوە دراوە، وتیان چۆن؟!!!. وتی شێخ فازڵ لەم ڕۆژانە هاتە ئێرە نانی خوارد و وتی: برازاکانم دێن بۆ ئێرە نان ئەخۆن، ئەوە پارەی خواردنەکەیانە ، من سەفەرێکم لەپێشە دەبێ بڕۆم....!!!




هەواڵنامەی کتێب



لەمەراسیمی بەخاکسپاردنی شێخ فازل، برایەک و پێنج برازای ئامادە بوون، هەر ئەمان بوون
نانیان لەو چێشتخانەیە خوارد، کەپێشتر پارەیان لەلایەن شێخ فازلەوە درا بوو..


شێخ حەسەن شێخ نەمین
باوکی شێخ نەحمەد ئاسوید



شێخ تاهیر/سەید سادق بۆ ئای شێخ فازل



شێخ نووری شێخ ئەفادین
جوانرۆ


شێخ محیدین شێخ محەمەد کۆسە



شێخ قادر شێخ تەها


شێخ عەبدولکەریم شێخ تەها

کتێبخانەی کۆڕی زانیاری کورد



هەواڵنامەی کتێب



مامۆستا لەتیف هەڵمەت

کۆمێنتی مامۆستا لەتیف هەڵمەت سالی ٢٠١٧... دەستان خۆش کاک ئەحمەد بۆ ئەو گوتارە جوانەتان کەلەسەر مامی بەڕێزتان نووسیوە.. بەڕاستی شێخ فازڵ دیاردەیەک بوو لە دیاردە پیرۆزەکانی شاری کفری، ئەو سەردەمەش هەموو چین نەتەوەکانی کفری ڕێزیان لێدەناو خۆشیاندەویست و داوای دوعای خێریان لێدەکرد، پەرچووی لە جۆری پەرچووی ئەولیاکانی خودایان لێدەگێڕایەوە، زۆر کەم دوو بوو هەر قسەی نەدەکرد، ناو چەوانێکی پڕ لەنووری هەبوو، دەگوترا یەکێکە لە ئەولیاکانی زەمان و خۆی لەو بێدەنگییەدا شاردۆتەوە، جگە لەخەڵتخۆشی جۆرێک هێڵکاری و وێنەی جۆرێک لەکۆشک و تەلاری دروست دەکرد بەشێوەیەک لەشێوەکان وەکو تەلارە هەور بڕەکانی ئەمریکا وابوون، دەگوترا وێنەی بیناسازی بەهەشتە.. هەر پارەیەکیان بدایەتێ بەسەر منداڵاندا دابەشی دەکرد، خدری زیندەی منداڵانی کورد بوو، هەمیشە دەستیانی پڕ لەپارە دەکرد، ئەو خەڵکی کفری خۆشدەویست و خەڵکی کفریش ئەویان خۆشدەویست، باوکم زۆر جار دەیووت: شێخ فازڵ عیلمی ئەوەل و ئاخر دەزانێ و وەکو لەبیرم بێت دەیگووت: هەر نیوە دێڕێکی سەعدی شیرازی بخوێنیتەوە، ئەو لەبەرەوە بۆتی تەواو دەکات، من خۆشحالم کە ئەو ئەولیایەی خودایەم بینیووە، گوڵباران و سڵاوباران و مرواریباران بۆ ڕۆحی پاک و پاکژی شێخ فازڵ پیاوە ڕۆشنبیر و مووانێکەی کفری، دەبێ ئەوەش بڵێی چۆن بەزیندوێتی دیاردەیەک بوو لە دیاردە جوانەکانی کفری، ئێستا گڵکۆکەی دیاردەیەکە لە دیاردە پیرۆزەکانی کفری....

هەوارنامەی کتێب



...شێخی شار...

چ نەرم بوو وجودی؟!
چ غەریب بوو تەرحی؟!
چ جوان بوو قەدوبالای؟!
چ ڕەوان بوو دەنگی کە نەرم و نزم ئاوازی ئەو دەشتە گەرمەی دەخوێند!
هەموو بەیانییە .. لە حەمامەکەی کفری خۆی دەشۆرد
بەڵام هەموو بوونی بە ئاوی حەیاتی عیشقی ئیلاهی شۆرا بوو
سێبەری هەوری ڕۆحی هەموو کفری داگرتبوو.
لە هەژموونی گەورەییەکەی ...کفری سەروخوار سام گرتبووی
شێخ فازڵ هەر تەختێکی لە چایخانەکەی سەید سلێمان نەبوو، ئەو لە ناو دڵ و ڕۆحی
هەمووکەسێکی کفریا ماڵ و حاڵی هەبوو....
شێخ فازڵ نەک دێوی دەروونی خۆی، دێوی نەفسی ئەو عالەمەش لێی دەترسا،
کە نەدەدوا تەهزیبی کەلام لە بیارە فێربوو بوو،بۆیە دەرسی کەمدویی بە قەرەباڵخی و
ژاوەژاویش دەوتەوە!
کە گەڕایەوە بۆ لای خوا ... ئیتر نالە و نرکە و لافاوی ناو ڕۆح و گیانی ئەم شێخە
گەرمیان نشینە نیشتەوە ... هەموو کفری ڕاواڵی و کەس نەما ڕانەچڵەکێ
لەو گردە پیرۆزەدا و ... چەند مەترێ لە خواری باوە شاسوارەوە
شێخ فازڵ ئاخر مەنزڵی دنیای گرت و
هەر ئەو وەختە ڕۆحی سپی
بۆ ئاسمانە دوورەکان فڕی بوو!



مامۆستا بێستون ژاڵەیی

هەوالنامەی کتێب



ئەو پاشای شارەکە بوو
ئەو ئەولیای شارەکە بوو
چایخانەکەی (سەید سلێمان وئیحسان تۆپاڵ) یشی پیرۆز و پڕ پیت و ڕۆشن داهێنا بوو
هەرکێ شێخ دە فلسیەکی لێ وەرگرتبێ، تا ئەمرێ چێژی ئەو لالێکردنەوەیەی
لە بیر ناچێ! ... چ تۆپەڵێ بوو لە نوور شێخ فازڵ!
چ نووری لە ناوچاویا بوو؟!
کە بە مەحەلەکانی سەیدەکان و عەجەمەکان وەدەدا دەڕۆیی وەک باران دادەباری.
لەشار دەرئەچوو وگوم ئەبوو وئەهاتەوە، دۆینەی دەبرد و دەڕۆیی، لەکەرکوک دەیاندی وپێش
موسافیرەکان دەگەڕایەوە کفری !
کە دەچووە سەرای حکومەت، هەرچی پیاوی ناو سەرایە دەبوونە پۆلیسی هەیئەت وهەیبەتی!
ئەو شانە هەنگوینەی ناوی شێخ فازڵ بوو، مناڵ وەک هەنگ لێ دە ئاڵا، ڕۆژی ئانجاخ
دە فلسیەکیشی لە خوا بۆکردویە وەرگرتایە،
بەڵام دە فلسیەکانی بەشی هەموو منالانی کفری ئەکرد.
ڕۆژێ لەسەربانی مزگەوتەکەی گۆپتەپەوە هەڵفڕیبوو، نەنیشتبووەوە تا هەورامان
هەرچی عیلمە لە بەرزاییەکانی بیارەوە هێنا بووی...هەرچی خۆشی سەر ئەرزە لە پەنجە و
خەتیا بوو، چ چێژێک بوو کەخوڵقی هەبا و دەستە و ئەژنۆ لە خزمەتیا هەڵکوڕمێی وهەموو
هونەری گەردونت لە پەنجەکانیەوە بۆ بڕژێنێتە سەر مقەبایەک و پیرۆزی کا!
شێخ فازڵ لەتێ لە مەولاناو سەعدی وپارچەیە لە شێخانی بیارە و پانتاییە
لە هەرچی خانەقای دنیایە لە وجودیا بوو!




مامۆستا بێستون ژالەیی

هەولێرەی کتێب



شێخ فازڵ هەمیشە لەناو بازاڕ و کوچەو کۆڵانەکانی کفریدا، پیاوێکی باڵابەرزی جوانکیلە، کەواو سەڵتە لەبەری پاک و تەمیز و جامانە لەسەر و مل دەردەکەوت، بەدەم قسەکردن و ورتەورتەوە دەسوڕایەوە. مامۆستا عەبدولکەریمی مودەریس دانی بەلێهاتوویی ئەودا ناوە،لەپڕ ئەو پیاوە سەلار و زیرەکە دەکەوێتە بارێکی نائاساییەوە، تەنانەت لەناوچەرکەی خۆی و لەماڵە باوانیشی دووردەکەوێتەوە، تا لە شاری کفریدا لەنگەردەگرێت. لەکفری لەچایخانەکەی سەید سلێمان تەختێکی بۆ دانرا بوو لەسەری دەخەوت، هەموو بەیانییەکی زووش دەچوو گەرماوە گومەزینەکە و پاک خۆی دەشوشت و یان دەیانشوشت، لەوێش شوێنێکی تایبەت بەخۆی هەبوو، تا درەنگانێکی چێشتەنگاو دەنووست و ئینجا دەکەوتە پیاسەی ناو بازاڕ و شار... هەرگیز نەدەچووە ماڵان و لە هیچ شوێنێکیش جگە لەمزگەوتەکان لاینەدەدا و جگە لە چایخانەکەی سەید سلێمان دانەدەنیشت. شێخ فازڵ زۆر حەزی بە (دۆینە) بوو، کە دەگەڕا بەناو شاردا لەهەندێ کەس داوای دۆینەخووسەی دەکرد، من خۆم هەموو جارێک جامێ دۆینەم بۆ دەهێنا و لەبەرامبەردا فایلێکم دەدایە تا پارچە شیعرێکی بە خەتە خۆشەکەی بنوسێ بۆم، کەسێکی بەهرەمەند بوو خودان دەنگێکی ناسک بوو، لەبەر خۆیەوە بەدەنگێکی نەرم بە ئاوازی دەشت گۆرانی دەوتەوە، هەروەها خەتێکی نایابی لەنووسیندا هەبوو، دوکاندارەکان بۆ تەبەروک کاغەز و فایلیان دەدایە شیعرێک یان ئایەتێکیان بۆ بنووسێتەوە، مامۆستا عەلی باقی خۆشنووس دەیوت: شێخ فازڵ پەڕەی بە جۆری خەتخۆشیی داوە ،لەسەر دیواری مزگەوتەکان وێنە و دیمەنی بەقەڵەمی ڕەش دەکێشا...کەسێکی ناوازە بوو ، توحفەیەکی دەگمەنی شاری کفری بوو.!!!



مامۆستا عەلی

لە کتێبی وتار و یادەوەری لەبەردەم شکۆی مرۆڤە مەزنەکاندا/ م. عەلی ۲۰۱۸....



شاری کفری و شێخ فازڵ.. هەر لەسااڵنی سەرەتایی منداڵیمانەوە، شێخ فازڵ یەکێک لە نیشانە هەرە جوان و پیرۆز و دڵەوشاوەکانی شاری کفری بووە لەلامان، هەموومان دەماننناسی، ئەگەرچی بەڕووااڵت وا پێدەچوو کەئاگای لەخۆی نییە، بەاڵم وانەبوو، من خۆم شتی وام لێ بینیوە کە هیچ کەسێکی وریا و هوشیار نەیتوانیوە هێندەی ئەو زوو وەاڵمدەرەوە بێت. ڕۆژانە بەناو بازاڕی کفریدا دەسووڕایەوە، ئەگەر کەسێک لەخۆیەوە پارەی پێ بدایا وەرینە دەگرت، بەاڵم ئەو خۆی بڕیاری دەدا داوای پارە لەکێ بکات، من شەش ساڵ لەشاری کفری خوێندوومە، تەنیا یەکجار لەو ماوەیەدا شەرەفی گەروەیی پێبەخشیم و داوای پارەم لێ بکات، هێندەی هەموو دونیا دڵخۆش بووم.. لەبارەی شێخ فازڵەوە دەیان و ڕەنگە سەدان چیرۆک هەن و دەگێردرێنەوە و باس دەکرێن هەریەکە و بەجۆرێک، بەاڵم هیچیان لەگەورەیی شێخ فازڵ نە کەم دەکاتەوە نە زیاد، من ئەو کاتەی لەو تەمەنەدا بەداخەوە نە شارەزای تەسەوف بووم و نە بایەخم پێدەدا، ئەگەر نا بمتوانیبا لێی نزیک ببمەوە و هەر نەبێ هەندێ وتە و پەندی ڕازدارانەی سۆفییانەم لێ وەرگرتبان، زۆر شانازی بەو هەاڵوێسەی خەاڵکی خۆشەویستی شاری کفرییەوە دەکەم، کە نەیانهێشت شێخ فازڵ لە کفری ببڕێتە دەرەوە، هەاڵوێستێکی تابڵێی جوان و وەفادارانە بوو، ئێستاش شێخ فازڵ لە داوێنی گردی (باوەشاسوار) چەند مەترێک لەخواری ئارامگای باوە شاسوارەوە، میوانی خوای گەورەو هاو وڵاتی هەرێمی ڕاز و عیشق و گیانە سپی و نوورانییەکانە...




مامۆستا فەرهاد شاکەلی

هەوارنامەی کتێب



له ساڵی ١٩٦٠، یا ١٩٦١ ەوە شێخ فاضل/ م ناسیوە و، هەر لەو ساڵانەشەوە چەندین بیرەوەری هەن، کە یا زادەی ئەزموونی ڕاستەوخۆی خۆمن لە بینینی ناوبراو لە هەڵوێستی جۆربەجۆردا، ناوبراو دۆستی باوکم بوو، باوکیشم هەم مەلا بوو وهەم صۆفیی نەقشبەندی بوو. بۆیە بە دووری نازانم شێخ فاضل/ یش صۆفیی نەقشبەندی بووبێ. پەیوەندیی هەردوکیان لەو ئاستەدا بوو کە باوکم چەندین تابلۆی شیعری لەژووری وانەی قورئانیدا بۆ منداڵان هەڵواسی بوو. تابلۆکان بریتی بوون لە فایلی ٥٠ × ٣٥ سم، کە بە خەتێکی فارسیی نزیك لە شکستە نوسرابوون و، هەر لەو سەرەتایانەوە دڵنیا بووم لەوەی تێکڕایان لەلایەن شێخ فاضل/ ەوە نوسرابوون. نازانم بۆچی، لەنێوان سەرجەمیاندا ئەم نیوەدێڕەی یەکێکیانم لەبیردا مابوو:

چراغم تو باشی چراغم بود
پاش پەنجا ساڵی توانیم یەکەمین ئاماژە بدۆزمەوە بۆ ئەوەی لە یادم مابوو بەشێك بوو لە چوارینەیەك بەم شێوەیەی خوارەوە:
مرا در این عالم چرا غم بود؟
که شمع جمالت چراغم بود
چراغم نباشد چراغم توئی
چراغم تو باشی چرا غم بود؟




لەبریی "این" ی یەکەمین دێڕدا لە هێندێك شوێندا "آن" وهی دیکەدا "دو" نوسراوە. بەگشتیش، لە یەکەمین ئاستی لێکدانەوەدا، مانای چوارینەکە ئەمەیە: "من لەم جیهانەدا بۆچی خەمباربم کە مۆمی جوانیی تۆ چرا – مایەی ڕووناکی – ی من بێ؟ ئەگەر چرا – ڕووناکی – م نەبێ ئەوا – خۆ – تۆ چرای منی، کە چراشم تۆ بیت بۆچی خەمم هەبێ. ئەگەر ئەو وشەیە "آن" بێت، واتە "ئەو" نەك "ئەم"، ئەوا لێکدانەکە لەبریی "ئەم جیهانە" دەبێتە "ئەو جیهانە" ە، واتە "قیامەت – ڕۆژی بووژانەوە"، ئەگەر "دو" بێت، ئەوا دەبێتە "لە هەردوو جیهاندا" کە یەکەمین لێکدانەوە، ئەگەرچی هەر زۆریش بەهێزە، لاوازترینیانە، چونکە صۆفی هەرگیز بایەخ بە "بینایی" خۆی لەم دنیایەدا نادات، چونکە جیهانەکە پایەدار نییە.

مامۆستا عبدالله قەرەداغی

هەوڵنامەی کتێب



دوا ساتەکانی ژیان و کۆچی دوایی (شێخ فازڵ)... دێوانەکەی کفری لای زۆرکەس بە (وەلی) ناویان دەبرد ، چایخانەکەی سەید سلێمان تاکە جێگەی حەوانەوەی بووە، چونکە دوو شوێنی سەرەکی لێوەی نزیک بوو، یەکیان (گەرماوی پاشا) ئەوی تریان (بازاڕی قەیسەری کفری) بووە. شێخ فازڵ لە کۆتاییەکانی ژیانی مانگی ئەیلولی ساڵی ١٩٧٢ز تووشی تاولەرز و نەخۆشی بوو، چیتر وەکو جاران توانای گەڕان و هاتوچۆی ناو بازاڕی نەما، ئیتر ڕۆژانە خەڵک بۆ سۆراغ و هەواڵ پرسین دەچوونە سەردانی ... بەیانیانێک سەید سلێمان و شاگردەکەی دەرگای چایخانەکەیان دەکەنەوە، کەدەچنە ژوورەوە دەبینن شێخ گیانی سپاردووە، ئەو ڕۆژە سپێدەی دووشەممەی ٢/ ١٠/١٩٧٢ز بەرامبەر بە ٢٥ی شەعبانی١٣٩٢کۆچی بووە، ئیتر ئەو ڕۆژە ناو بازاڕی کفری دەبێتە دۆخێکی نائاسایی، خەڵکێکی زۆر ڕوو دەکەنە چایخانەکە و هەموو شاری کفری بۆ ئەو کۆچەی شێخ ئاگادار دەکەنەوە، ئەو ڕۆژە بازاڕ و فەرمانگەکان هەموو دادەخرێن، تەرمی شێخ فارڵ دەگوازنەوە بۆ مزگەوتی خانەقا بۆ مەراسیمی شتن و کفن کردنی، پاشان بەرەو گۆڕستانی (باوەشاسوار) بۆ مەراسیمی بەخاکسپاردنی کەوتنە ڕێ، لە شارەکانی دیکەی کوردستان خەڵک ئاگادار کرا، لەبەر ئەوەی بڕیاردرا لەشوێنێکی بەرزی باوەشاسوار گۆڕی بۆ هەڵکەنن، بۆ ئەو سەردەمە کاتی زۆر دەوێست، لەلایەکی تریشەوە هەڵێک بوو بۆ ئەوەی خزمانی نزیکی شێخ لەو مەراسیمە ئامادەبن، کاتێک برازاکانی شێخ ئامادە بوون، داوایان کرد ڕێگەیان پێ بدەن تەرمەکە لەگەڵ خۆیان ببەنەوە، داواکەیان ڕەت کرایەوە، ئێستا لەو شوێنەی کەنێژراوە بەناوی شێخ فازڵ ناونراوە، پاش چەند ساڵێک کەسایەتییەکی کفری بەناوی (مەدحەت فەیزی) هەستا بە دروستکردنی ژوورێک لەسەر مەزارەکەی.




مامۆستا رفعت محمد رشید

هەولێر کتێب


وێنە کانی
شێخ فازل




























شێخ فازل کفری





وێنەکە لە مامۆستا ڕفعەت محمد کفري /وەرگیراوە
مزاری شێخ فازڵ
١٩٠٩ / ١٩٧٢



مەزاری شێخ فازڵ
وێنەکە لەماوەستا رفعەت محەمەد وەرگیراوە






چایخانەی
سەید سلیمان






شێخ حەمە سالحی
شێخ مەحمودی گۆپتەپەی بەرزنجی


شێخ حسن
شێخ مەحمودی گۆپتەپەی بەرزنجی


شێخ تەهای سیارەی
شێخ مەحمودی گۆپتەپەی بەرزنجی


شرۆڤەولێکدانەوەی
وتەکانی
شێخ فازڵ



شرۆڤەی تابلۆکان و پەردە لادان لەنێو کانیی عیرفان و (فایلە) کانی (مامە شێخ فازڵ)...

لەتیشکی مەعریفەی شەرعییەوە، بۆ ناو حەوشەی (فەنابوون)، گەشتێکی مامە شێخ فازڵانەی ناسک، لەداماڵینی دڵ لەهەموو بوونێکی نارەسەن، بەرەو ناسینەوەی خود (لە فەنا بوونی فی اللّه)، کە ونبوون لە فەرهەنگی عیرفاندا، لوتکەی خۆناسین و دۆزینەوەو نەمرییە.

کاتێک (مامە شێخ) زانستە ڕوکەش و قاڵبەکانی تێپەڕاند، گەیشتە وێستگەی (تهذیب الکلام)، لێرەدا ئەقڵی لەقسەکردن دەکەوێت و زمانی دەبێتە قوربانی حەقیقەت، لەو پرۆسەیەدا زمان و قسەکردنی وشەکانی شێخ، بەرگەی بارگرانی و قورسیی (مانا)یان نەگرت، بۆیە پەنایان بردە بەر نووسین. خۆشنووسی بەخەتی فارسی، کەخەتێکە نزیکە لە عیشق و عیرفان، ئەو خەتە بە پێکهاتە نەرم و بێگرێ و لوولخواردووەکەی، توانیویەتی گوزارشت لەناخێک بکات کە خاوەنەکەی (مامە شێخ فازڵ) بێت... مامە شێخ خەتی کردە زمانی دووەم، زمانێک پێویستی بە وشە نەبێت، بەڵکو بەڕەنگ و جووڵەی قەڵەم، ئەو ڕاستییانەی بە زاراوە و قسەی باو نەیەنە (گۆ)، تەنها لەڕێی هێما و ئاماژەکان دێنە دەربڕین !!!.

نیوە دێڕە شیعرەکانی نێو تابلۆکانی مامەشێخ، بریتێکی ناسک بوون لەلاشەی زماندا، لەسەرووی وتار وتنەوە بوون، بۆیە ڕێگەیان پێدرا بوو بە ڕەنگاوڕەنگ بڕژێنە سەر فایلەکان... با پێکەوە بچینە حزووری شرۆڤەی هەندێک لە فایلەکان، کەلەڕێی خەتە فارسییە خاو و خلیسک و بەسۆزەکەیەوە، چێژی جووڵەی دڵیی، بە ئێمە ئاشنا بکات .

(مامۆستا شێخ ئەحمەد)، کەشێخ فازڵ دەکاتە مامی دایک و باوکی، (پێشتر ئاماژەم بۆ کردووە)، لەبەر ئەوەی هەر بەمنداڵیی و بە خاوخێزەوە، زۆر هۆگر و نزیکی (مامە شێخ فازڵ) بوون، هەمیشە لەبنەماڵەیان چرایەکی داگیرساو بووە، کاریگەری عیرفانی و سۆفیگەری (مامەشێخ)، لەپاراستنی فایلەکان و لەشرۆڤەی شیعرەکانی، بووە بە میراتییەکی ڕۆحیی مامۆستا شێخ ئەحمەد ، کەزۆربەی شرۆڤەکان هەر بە زمان و دەربڕینی بەڕێزیان، لێدوانمان بۆ ماناکانی کردووە....



حرامش بود نعمت پادشاهی
که هنگام فرصت ندارد نگاهی
عشقه تیسیری



حرامش بود نعمت پادشاه
کہ هنگام فرصت ندارد نگاه

****

لەم دەستخەتەدا مامە شێخ فازڵ، لەیەکێک لە بەیتەکانی گوڵستانی سەعدی، سەبارەت بە دەوڵەمەندی و دەستڕۆیی و دەسەڵاتداری مەملەکەتەوە وەهای لێکداوەتەوە:
(حەرامت بێت، تەخت و تاجی پادشایی)،(گەر بەکاری نەهێنی بۆ خزمەت و ئاشتەوایی). مامە شێخ دەیەوێ پێمان بڵێت: مەبەستی (پادشا) لێرەدا مانا سیاسیەکە نیە، بەڵکو هەر مرۆڤێک لەبواریکدا دەسەڵاتی هەبێت، ئەوە پاشایە، ئەو توانایەی پاشا و کاربەدەست، بەستراوە بەکات، کاتیش تێدەپەڕێت .. کەواتە ئەو پاشایەی فەرمانڕەوایی و چاودێڕی (کات) نەکات، بۆ خزمەتکردن، ئەو نیعمەتەی پێیدراوە لێی حەرام دەبێت...


عجب جمیلی حکما متعلمی
منجمانه ترا ای عجب منجمی
عجب منجمی افلاکی



مامۆستا شێخ فازڵ جۆرێک تێکەڵی داوە بە نووسینی وشەکان، دەیەوێ بڵێت: ئێوەش وەکو ستایلی نوسینەکەم، لەو گێژاوە خاکی سنووردارە، بەو جۆرە تێکەڵ و سەرقاڵی دونیا بوون!!.

ئەو دەقە فارسیە، غەزەلی مەولانای ڕۆمییە، بەختەتی دیوانی و فارسی نووسراوە:

علم چە جمجمە حکما تعلم

من کجا نشاطری ای صدا افلاکی

بۆ وەرگێڕانی ئەدەبی و عیرفانی ئەو دێڕە (مامۆستا شێخ فازڵ) دەیەوێ پێمان بڵێت: (تۆ لە چ جومگەیەک و لە چ سەری حەکیمانە زانست فێر دەبیت؟!!..

ئەی ئەو دەنگە ئاسمانییەی، کەخەریکی دەست ڕەنگینییە و ، تۆش خەریکی کەسبی ئەم خاکە تۆز و خۆڵی؟!!!.

مەولانا لەم دەستپێکەدا مەبەستی لە جومجومە و حوکەمایەدا، ئەو ئەقڵە هوشیار و دڵۆپە حیکمەتیە، کەلەسەرچاوەی ئەزەلییەوە دەڕژێتە نێو دڵی عاریفەوە... (شێخ فازڵ) دەیەوێ بڵێت: بەو سەدای ئەفلاکەوە سەرقاڵ بن ، بگەڕێنەوە جیهانی ڕۆح ، وەکو نانەواکە (نشاطر) بۆ دانەوێڵە، بە زەمینەوە مەچەقێن...






...(کالفضل و الحارث و النعمان)...

ئەم تابلۆیە لەڕوانگەی تێکەڵاوی نێوانی خەت و دەربڕینی هێماکان، هەڵگری ڕەهەندی فەلسەفی و عیرفانی قوونڵن، ئەم تابلۆیە لە زمانی قورئانی پیرۆزەوە ، باس لە زانستی (علم و اصول و نحو و صرف) دەکات...

چرچ و لۆچیی دەقەکان و تێکەڵ بوون بە وێنەکان، لەهارمۆنی مۆسیقا دەچێت، هاوسەنگی بەهەموو ئاوێتە بوونی ئاوازەکانی کردووە.

ئەوەش گوزارشت لە دۆخەکانی گزنگی ئیشراق و حزووری خوایی دەکەن، وشە تێکەڵاوەکان و دەستەواژە پەرتبووەکان، دۆخێکی جەم و فەرق و حاڵێکی جەزبەی سەرسوڕمانی سۆفیگەریی کێشاوە، ئاماژەن بۆ هێمای حوزوور، بەرەو جیهانی باڵا.





ئەمە تەنها کاغەزێکی ئاسایی نییە، بەڵکو لاپەڕەیەکە لەدەفتەری ژیان، کە بەدەستی ڕۆحێکی پڕ ئارام و سۆزەوە، ڕەهەندە مەعنەوییەکانی بۆ بە جێهێڵراوە. لەبەشی سەرەوەی ئەم تابلۆیەدا، کۆشکێک و گۆمەزێک لە ماڵە دێرینەکان دەچێت، لەخوارەوەش خۆی تێکەڵی دوو پەیف و ڕستەی فارسی و عەرەبی کردووە...

(چشم و چراغ) ... (چاو و چرا) لەئەدەبدا هێمای ڕۆشنایی، ڕۆانین، ئارامی و بوونی ژیانە. کاتێک ڕووناکی و عومری مرۆڤ، بەسترا بێت بەهاتنی کەسێک، (انتظار)چاوەڕوانی دەبێتە دۆخێکی بەردەوام، (چاوەڕوانی بۆ عاشق دۆخێکە تێیدا دەژی)!!.

لەو دەقە پەیوەندییەکی هێماکاریی قووڵ هەیە لەنێوانی چەمکی (چشم و چراغ) و چەمکی (جامع و حوکمائی جەمعییەت)، ئەو جەمعییەتە بۆ ئەوەی ڕێڕەوی خۆی لەدەست نەدا، پێویستی بە (حوکوما)و هوشیاریی هەیە، هەرکەسێک لەو (چشم و چراغ) ە، لەو چاوی بینینی حەقیقەتە و لەو چرای ڕووناکی دەوروبەرەدا بژێت...ئیتر هیچ مانایەک بۆ دابڕان نامێنێت...


نظر بر منظر حیران جلال است
تماشا کردن صنع جلال است



یەکێک لە نووسینە دەگمەنەکانی مامە شێخ فازڵ ئەم دێڕە شیعرەیە:

نظر بر منظر خوبان حلال است

تماشا کردن صنع جلال است ...

(شێخ ئەحمەد) بەم شێوەیە شرۆڤەی بۆ کردووە و دەڵێت:

سەرنجی دیمەنی جوانان ، ڕەوایە،

سەیری هونەری دەستی خودایە !!!.


خوالێخۆشبوو سەید داوودی کوڕی سەید سلێمانی چایچی، باسی کۆمەڵێک دەکات لەچایخانەکەی باوکی دانیشتبون، دەیاندا بە گوێی شێخ فازڵ، لەتەمەنیا هیچ تەماشای نامەحرەمی کردووە، شێخ دەستبەجێ پارچە موقەبا و قەڵەمەکانی لەژێر سەرینەکەی دەرهێنا، بە بزەیەک سەیری جەمەعاتی کردووە و ئەو نووسراو و هێمایانەی کێشا..


نظر بر منظر خوبان جلالی است
علیه جمند الله بیمر ملتشاه
عماشاگرون ضنع جلالی است
وحراشیه ای ارشه
علیه تهمدی



(شێخ ئەحمەد) لەباسی ئەو تابلۆیەدا، باسی ئامۆزایەکی باوکی خۆی دەکات، بەناوی (دکتۆر عادل)ی کوڕی مامە شێخ تاهیر، کە برازای شێخ فازڵ بووە، دەڵێت بۆی گێڕامەوە: وتی شێخ تاهیری باوکم باسی شێخ فازڵی بۆ کردین، هی سەردەمی حوجرە و فەقێیاتی، کە خەریکی خوێندنی دوازدە عیلمی زانستە شەرعییەکان بووە. ڕۆژێک یەکێک لە دەروێشەکانی باپیرە مەحموودی (باوکی شێخ فازڵ)، جلەوی ئەسپی شێخ فازڵی ڕاکێشاوە لە ملیەکی بەردەوژوور، بۆ ئەو دیوی ملەکە سەرکەوتوون، لەپڕ چاوی بەئافرەتێکی جوان دەکەوێت، کەبەردەو ڕوویان دێت، شێخ فازڵ کە دەیبینێت، ماشاء اللّه دەکات لەگەورەیی خودا و خوڵقاندنی جوانییەکانی. کاتێک لەملەکەوە بەرەو خوار دەبنەوە، شێخ فازڵ ئەم دوعایە دەکات و دەڵێت:

خودایە ئەم نەزەرەم ئەگەر حەرام بووە، نەیخەیتە بەر قیامەتم، ئیتر چەند هەنگاوێک دەڕۆن، ئەسپەکە سەرسمێک ئەدات و شێخ فازڵ دەخاتە خوارەوە و دەستێکی ئەشکێت، ئەو کۆپلە شیعرەی بۆ ئەو یادەوەرییەوە وتووە...






ئەوە دەستخەتی مامە شێخ فازڵە...


وەکو دەستنووسێکی عیرفانی و پەناگەیەکی ڕۆحی، مامەڵەی لەگەڵدا کراوەو، دەڵێت:

يا ناظريَّ بيعقوبَ أُعيذُكُما ... بما استعاذَ به إذا مَسّهُ الكَمَدُ


قميصُ يوسف إذ جاء البشيرُ به... بِحقِّ يعقوبَ أذهب أيها الرَّمَدُ...

(کەمەد) و (ڕەمەد)... ئاماژەن بۆ ئەو خەمە قوولەی، کە کۆئەندامی دڵ و ڕۆح داگیر دەکەن، (قەمیسەکەی یوسف)یش لای ئێمە قوماشە، بەڵام لای خودای گەورە کۆتایی هێنانە بە نابینایی زاهیری و باتنی، مامە شێخ هەستا ئەو هێزەی گواستەوە بۆ پاراستنی چاوی خزمان و خۆشەویستانی تا پارێزراو بن... ئەم دوعایەی مامە شێخ فازڵ، ڕەنگدانەوەی لوتکەی ئاینی و پەروەردەیی و کۆمەڵایەتییە، پیاوێک کەخەمخۆری پاراستنی بنەماڵەو کەسوکاری خۆیەتی، قەڵای پاراستنیان، لە(قەڵای یاد و مەعریفەی پێغەمبەران) دروست دەکات، تاوەکو ڕەمەد و ئازاری جیهانی دەرەکی نەتوانێت پەردە لەسەر ڕووناکی دڵیان هەڵگرێت... ئەو دەستنووسە مامەڵەی گوڵە بەندیان پێوە کردووە، لای خزمان هەستێکی وایان لا دروست بووە، پەیوەندییەکی ڕەهایە لەنێوانی هێزی لێبووردەیی ئاسمان و مرۆڤی زەمینی... مامۆستا شێخ ئەحمەد لەشەڕدا وەکو گوڵەبەند بەکاری هێناوە، ڕەنگە ئەم قەزایەی بۆی هاتبێ، بەشی سەرەوەی دوعاکەی ڕەش کردۆتەوە، تا ئێستا بەشەکەی تر ماوەتەوە... مامە شێخ لەڕێگەی چیرۆکی ڕاستەقینەی پێغەمبەرانەوە، بۆی کردین بەقەڵغان و کێڵگەی عیرفان.!!!!



جماعتی
جمع و جشن
محاسبه







روان جمع تندا
جمیلے
فرمودی
جامع
فلاکیہا
جامع اے






جمعیت حیوان
بحر حیوانی می‌خورم




لوحة بخط المرحوم الشيخ فاضل رحمه الله



وێنەکانی
کفری دێرین
ESKI KIFRI


شوێنەوار
سەرای کفری




کۆشکی مەجید پاشای بابان





شوێنەواری قەیسەری کفری



مزگەوتی کرمانج کفری



ژێر تاقەکانی کفری/ سەردەمی بابانییەکان



باوەشاسوار



مزگەوتی خانەقای کفری



مزگەوتی خانەقای کفری






مزگەوتی خانەقای کفری



ئاسیاو و ئاشی (قازی)/ ساڵی ١٨٦٣


ئەم نامیلکەیە
بە سیۆنسەری
مامۆستا شێخ ئەحمەدی
کوری شێخ حەسەنی فەقێجنەری کوری
شێخ ئەمین... جێبەجێکراوە
شێخ فازل کەسی نزیکێتی، مامی باوک و دایکی بووە
هەموو زانیارییەکان لە بەرێزیان وەرگیراوە
SHEIKH AHMED
SHEIKH HASSAN
لبرزنجي



حکومەتی هەرێمی کوردستان-عێراق
ئەنجومەنی وەزیران
وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان
بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان

حكومة إقليم كوردستان-العراق
مجلس الوزراء
وزارة الثقافة والشباب
المديرية العامة للمكتبات العامة

ژمارە: ٢٧٦/ی کۆدی
ڕێکەوت: ٢٠٢٦/٩/١٥

بۆ/ چاپخانەی هەڤی لە پارێزگای هەولێر
بابەت/ زمارەی سپاردن

العدد:
التاريخ: ٢٠٢٦/٩/١٥
موضوع: سپاردن – ثمنية الايداع

بەپێی پاسای چاپەمەنی ژمارە (١٠)ی ساڵی ١٩٩٣، ژمارەی سپاردن درا بەم کتێبەی کەلە خوارەوە کە ناوی هاتووەلە چاپخانەکەتان چاپ بکرێت بە تیراژی(٥٠٠) دانە بەمەرجێک (٥) دانە بۆ بەشی سپاردن ڕەوانە بکەن

ژ	ناوی کتاب
١	بێدەنگ بڕو هاواری دڵی شێخ فازل

ژ. سپاردن	بابەت	نووسینی
١٠٥٥	لەدەپێ	خالد علی مراد

سەرباز جەوهەر هایان
ج/ بەڕێوەبەری گشتی
٢٠٢٦/٠٩/١٥

ژمارەی سپاردن
G.D of Public Libraries

تێبینی:
- دەستەواژەی سپاردن بەم شێوەیە دەنووسرێت: لەبەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان / هەرێمی کوردستان ژمارەی سپاردنی (...)ساڵی ٢٠٢٦ پێدراوە
- هەر چاپخانەیەک پابەند نەبێت بەناردنەوەی (٥) دانە لە کتێبەکە ژمارەی سپاردنی پێنادرێت

وێنەیەک:
-کارگێری خۆیەتی
هەڵگرتن

Iraq-Kurdistan Region-Iraq
Ministry of Culture & Youth

العنوان: إقليم كوردستان العراق - أربيل



زۆر سوپاس و پێزانینمان هەیە بۆ جەنابی دکتۆر / کاوە تەیب جەلال
کەبەڕێزیان بۆ وەرگرتنی ئەم مۆڵەتە هاوکارمان بووە... هەروەها
سوپاسی سەرجەم ئەو هەموو هاوڕێ و ئەزیز و خۆشەویستانە دەکەم،
کەبەردەوام هاوکارم بوون .. لەکۆتاییدا لەکەموکوڕیمان ببوورن،
ڕێز و حورمەتم قبووڵ بفەرموون


منظمة الرنجوري
للثقافة والعلوم
THA RANJURY ORGANIZATION
FOR SCIENCE & CULTURE
لەبلاوکراوەکانی
ڕێکخراوی ڕەنجووری
بۆ فەرهەنگ و زانست
کەرکووک